"شەرەفی ئێمە بە تۆیە, ئەگەر هەنگاوێکت لەوی دیکەت درێژ تر بێت, لێت دەکەوێت. ئەگەر کەوتیش خۆت دەزانی چی چاوەڕوانت دەکات."

ئامۆژگاری کوڕێکی پەنابەر بۆ خوشکەکەی

" دوای ئەوەی ئەرکەکانی قوتابخانەم جێبەجێکرد, لە ژوورەکەمدا سەمادەکەم. ڕۆژی پشوو لەگەڵ تۆدا مەلەدەکەم. هەندێك ڕۆژی دوای قوتابخانە, یاری باسکێت دەکەم. گەر گەورەیش بووم, ئەو کاتانەی کە ئاشق بووم, بۆخۆم کەسێك هەڵدەبژێرم. جاخۆ بابە ئەگەر بە قسەی باوکی فاتمە بێت, خێزانی ئێمە خاوەنی شەرەف نییە."

ئاخاوتنی کچێکی کوردی نۆ ساڵە لەگەڵ باوکیا دوای کوشتنی فاتمە لە سوید.

پوختەیەکی کەمی ئەم وتارە لە بناغەدا بە زمانی سویدی نووسراوە و لە ڕۆژنامەکانی "سڤێنسکا داگ بلادێت" و "یۆتێبۆری پۆستن"دا بڵاوکراونەتەوە. بەشێکی تریشی بە شێوەی چەندین سیمینار و کۆڕی جۆراوجۆر بە زمانی سویدی پێشکەش کراوە.

نووسینی بەکر ئەحمەد

# ژنە مردووەکە بەڕێوەیە

# فاتمە و دەسەڵاتەکانی باوکساڵاری

کوشتنی فاتیمەی کچە کوردی کوردستانی تورکیا لە لایەن باوکییەوە, لە کاتێکدا کە هێشتا پرۆسەی دادگایکردنی بکوژانی"پێلا" کە لە لایەن مامەکانی خۆیەوە برایەوە بۆ کوردستان و لە شاری دهۆکدا کوژرا و بە کۆتایی خۆی نەگەیوە, گەورەترین کاردانەوەیی مێدیایی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای سویدا بەدوای خۆیدا هێنا. جگە لەم کاردانەوە گەورەیەی کۆمەڵگا, هاوکات کۆمەڵگای کوردیشی لە سویددا لەبەردەم کۆمەڵێك پرسیاری کوشندەدا ڕاگرت. ئەو پرسیارانەی کە دەبوایە بەر لەوەی لە سوییدا بێتە جێگای گومانی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی, لەدەرەوە و لە ژێر بۆمبارانێکی مێدیایی گەورەدا کە ڕەهەندی ڕاسیستییەکەی لە بەهێزکردنی بیروبۆچوونی دژی پەنابەراندا شاردراوە نییە, بوونە پرسیاری ڕۆژ و هەریەکە و بە تێگەیشتنی خۆی وەڵامی پێدایەوە. هاوکاتیش کێشەی کچان و ژنانی پەنابەری هێنایە ئاستێکی تر.
ئەوەی لە کەیسی کوشتنی فاتیمەدا تەواوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا ناچار بوون هەڵوێستی بەرانبەر بنوێنن, تەنها خودی کوشتنی ئافرەتێکی ئاسایی نەبووە کە چەقۆی تیژی ناموسپەرستی و باوکسالاری لە ناو دەستە خوشکەکانیدا بێبەزەییانە خەڵتانی خوێنی کرد. بەڵکو کوشتنی دەنگێك بوو کە ئازایانە هاتە سەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکان و لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکانەوە سەرگوزشتەی هەزاران لە کچان و ژنانی پەنابەری گێڕایەوە کە ڕۆژانە لە بڵندگۆی "پاراستنی فەرهەنگی خۆوە" بانگەوازی بێبەشبوون لە سادەترین مافە ئینسانییەکانی خۆیان بە گوێدا دەدرێت. پێش فاتیمە هیچ کچێکی پەنابەر باسی ئەوەی نەکردبوو کە کچانێکی وەکو ئەو لەلایەن دایك و باوکیانەوە ناچاردەکرێن کە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان و پیاوێکی دڵخوازی دایك و باوکیان نەك خودی خۆیان, بهێنن. کوشتنی فاتیمە, کوشتنی ئەو دەنگە بوو کە هەزاران ئافرەتی پەنابەر لە گەرووياندا تاسا بوو و فاتیمە بووە بڵند گۆی دەنگی ئەوان.

خاڵی دەستپێکردنی مێدیاکان.

ڕۆژنامەی مێترۆی بەیانیانی سوید لە ڕیپۆرتاژێکی درێژدا دەنووسێ:" فاتیمەیان کوشت چونکە کوردۆستەکەی سویدی بوو." بەڵام مێترۆ تەنها نەبوو. سەرتا پای ڕۆژنامەکانی سوید هەمان ناونیشانیان بە کەمێك پاش و پێشخستنی وشەکانەوە نووسی بوو. بۆگەنی ڕاسیزمێکی گەورە لەو وشانە هەڵدەستێت. ئایا ئەگەر کوردۆستەکەی فاتیمە کورد بوایە, دەتوانرا ژیانی ئینسانێك بکرێدرێتەوە؟ پرسیارێکە و بە زەینی زۆر کەسدا دێت. ئایا باوکی فاتیمە کە زیاتر لە بیست ساڵە لەم وڵاتەدا دەژی و بە ڕاسیزمی ئەم وڵاتە تورە دەبێت , خۆی لە جێگای ڕاسیستێکی تری پێچەوانەوەدا نابینێتەوە؟ مەگەر ڕق بوون لە کەسێك کە سەر بە نەتەوەیەکی ترە هەر لەبەر ئەوەی دۆستی کچەکەیەتی, جۆرێکی تر لە ڕاسیزم نییە؟ ئەمانە و گەلێك پرسیاری تر بە خەیاڵی خوێنەری زۆرێك لە وتارەکاندا دێت. ژمارەی ئەو دەنگانەی کە بە دژی بەرجەستەکردنەوی کەیسی کوشتنی فاتیمەوە بوون لە میدیاکاندا خاڵێك دووپاتدەکەنەوە. کوردۆ باکسی لە ڕۆژنامەی ئێکسپرێسندا دەڵێ:" من ترسم لە ڕاوە کورد هەیە". نوێنەرانی کۆمەلە کوردییەکان یەك بەیەك لە ڕەشبوونی وێنەی کورد و مۆرکردنی ناوچەوانی کوردەکان بە ژنکوژ دەپەیڤن. بۆیەش زۆر ئاشکرا ئینکاری لە بوونی وشەیەك دەکەن لە زمانی کوردیدا کە پێی دەوترێت تاوانی شەرەف. بەڵام ئەوە تەنها "ڕووناکبیران"ی کورد نەبوون کە لەبەرانبەر پرسیاری تاوانەکانی شەرەفدا ئینکارییان لە رەهەندی کولتوری ئەم جۆرە لە تاوان کرد, بەڵکو بەشێکی بەرچاوی ڕووناکبیران و نووسەرانی سویدیش بەم لەشکرەوە پەیوەست بوون. لە هەڵوێستی دەستەی دووەمیاندا (کەڵکوەرگرتنێکی ڕاسیستانە) لە ئەگەری بەرجەستەکردنەوەی ڕەهەندی کولتوری تاوانەکانی شەرەفدا, وەك بەڵگەیەك بەرزدەکرێتەوە. سەرنجڕاکێشیش لە پەیوەند بە هەڵوێستی ئەم دەستەیە لە ڕووناکبیرانی سویدا ئەوەیە کە دەنگبەرزترین نووسەرانی دژی ڕاسیزمی سویدن و خۆشەویستییەکی لەڕادەبەدەریان بە پەنابەران هەیە. خۆشەویستییەك کە لە زۆر پرسیاردا لە شێوەی بەزەیی پیاهاتنەوەیەکی "ئینسانییانەدایە" بەو کائینەی کە لەمڕۆی ئەوروپادا بە "پەنابەر" دەناسرێت. سەرنجدانێکی وتەکانی "یان گویلۆ", ستوونووسی ڕۆژنامەی ئێوارانی سوید ئافتۆن بلادێت و ڕۆماننوسی بەناوبانگی ئەم وڵاتە, شایەنی تێرامانێکی وردترە. یان گویلۆ لە ڕۆژنامەی ناوبراودا و لە ڕۆژی 23 ی کانوونی دووەمدا دەنوسێت:" ئەو کەسەی هەوڵدەدات تا ئە نجامگیرییەکی ئایینی و کولتوری بۆ تاوانی شەرەف بهێنێتەوە, ئاو بە ئاشی ڕاسیستەکاندا دەکات, بەڵکو لەوەش خراپتر , بێحورمەتی بە تەواوی ئەو کەسانەش دەکات کە فەرهەنگی تاوانی شەرەف لەناویاندا هێشتا ماوە و نەتوانراوە خەباتێکی سەرتاسەری بەرانبەر بکرێت." ئەمە ئیتر پوختەی ئەو تێزەیە کە سیاسەتی کۆمەڵگای فرەکولتوری لەسەر ڕاگیراوە و لە ژێر ئاڵای "ڕێژەیی فەرهەنگەکاندا" بانگەوازی بۆ دەکرێت. لەم تێزەدا, ڕێزگرتن لە ئینسان و ڕێزگرتن لە بیروباوەڕەکەی دەکرێنەوە بە یەك. واتا بە کورتییەکەی ڕێزگرتن لە کەسێك کە ڕاسیستە( وەك ئەوەی کە مافێکی خۆیەتی وەك ئینسان کە ڕێزی هەیە ) , هاوتا دەبێتەوە بە ڕێزگرتن لە ڕاسیزم. جیاوازییەکی زۆر گەورە لە بەینی ئەم دوو چەمکەدا هەیە. هەموو موسوڵمانێکی ئۆسوڵیش وەك ئینسان شایەنی ڕێزە, بەڵام ئەمە بە مانی ڕێزگرتن لە ئیسلام نییە. مەترسییەك کە لەم جۆرە خوێندنەوانەدا هەیە لە پەیوەند بە تاوانی شەرەف و داتەکاندنی ئەو جیهانە کولتورییەی کە تاوانەکانی شەرەف بە هۆیەوە تواناى دووبارە خۆبەرهەمهێنانەوەیان هەیە, بە مانای چاوپۆشیکردنە لە ڕاسیزمێکی تر کە لەسەر ئاپارتایدێکی جنسی کاردەکات ونەفی لە بوونی مافەکانی نیوەی کۆمەڵگا دەکات. واتا لەبەر ئەوەی ڕاسیستەکان بەڵگەیەکی باشیان دەستنەکەوێت بۆ دژایەتی کردنی پەنابەران, باشتر وایە تاوانەکانی شەرەف وەك هەموو تاوانێکی تری کوشتنی ژنان چاولێبکرێت. "تاوان هەر تاوانە و هیچ جیاوازییەکی ئەو تۆ لە نێوان هۆکارەکانی کردنی تاواندا بوونی نییە." ئەمە ئەو شیعارەیە کە دەبێت لەبەرانبەر تاوانەکانی شەرەفدا دووبارە بەرزبکرێتەوە. من خۆم هیچ دژایەتییەکی ئەوتۆم لەگەڵ شیعاری ناوبراودا نییە لە پەیوەند بە ڕەهەندی یاسایی تاوانەوە. چونکە لە هەردوو بارەکەدا ئێمە لەبەردەم دوو جەستەی بێ گیانداین کە ئافرەتە و دوو تاوانباردا کە پیاوە. بەڵام تاوانی شەرەف, واتا کوشتنێك کە من لەم وتارەدا بە شوێنیەوەم, دەکرێ کۆتایی پێبهێنرێت و بۆ هەمیشە ئاسەواری کوێربکرێتەوە, ئەگەر ئەو چوارچێوە کولتورییەی کە بەرهەمهێنەرەوی بەهاکانی شەرەفە لەسەر جەستەی ئافرەت نەهێڵرێت, بە تایبەتی لەمڕۆی ئەوروپادا کە ئاستی پرسیارەکانی بەرابەری لە پلەیەکی بەرزدتردایە لە پەیوەند بە پاراستنی گیانی و ڕۆحی ئافرەتەوە.

بەڵام پرسیاری گرنگ لە پەیوەند بە بەڵگەی "ئامادەیی ڕاسیزم" لە تیزی یان گویلۆدا ئەوەیە: ئایا ڕاسیستەکان لە پرسیاری تاوانەکانی شەرەفەوەیە چارەی پەنابەریان ناوێت؟ وەڵام ڕۆشنە. راسیستەکان بەر لە بوونی هەر کێشەیەکی پەنابەرانەوە ئاڵای خۆیان بەرزڕاگرتووە و لە بنەماوە پەنابەرانیان ڕەدکردۆتەوە. بۆیەش ئەم کێشانەی پەنابەران تەنها ڕوخسارێکی دزێوی تری پەنابەران دەداتە دەستیان بۆ پڕوپاگەندەکانیان. بەڵام داکۆکی کردن لە پەنابەران ناکرێت بە مانای ئینکاری کردنی ئەو بە ها کولتورییانە بێت کە بە هۆی دەستپێوەگرتنیەوە لەلایەن بەشێکی پەنابەرانەوەچارەنووسی ژیانی هەزاران ئینسانی لە زیندا ڕاگرتووە. چی لە کێشەی خەتەنەکردنی سەدان کچی دوانزە ساڵەی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەفریقا دەکەیت کە هاوینان دەیانفڕێنن و لە وڵاتەکانی خۆیاندا لە هەموو توانایییەکی سێکسکردن دەکرێن, یان لە باشترین حالەتێکدا پیرەژنێك دەهێنن و لە ماوەی مانگێکدا سەدان منالٚ کەلەپاچە دەکات؟ ئایا چەمکی پەنابەر لەم دەستەواژەیەدا بە مانای بوون بە هۆکارێکی کۆنسێرڤاتیڤ نییە کە دەبێتە ڕێگر بۆ دەنگهەڵبڕین لە بەرانبەر مافەکانی ئەو منالانەدا کە ترادیسیۆن دەیانکاتە جەستەیەکی بێ گیان و بێ هەست؟ ئایا ئەمە چ دیفاعێکە لە مافی پەنابەر کە لە ژێر ناوی ئەودا, چاوپۆشی لەو هەموو بێحورمەتی و سووکایەتییە بکرێت کە ژنان و منالانی پەنابەر گیرۆدەی بوون و لە دۆزەخێکی سەر زەویدا ڕۆژانە بە نهێنییەوە گیان لە دەستدەدەن.

## میدیا و مۆدێلی کولتوری بۆ لێکدانەوەی تاوان

ئەوەی جێگای سەرنجە بۆ کەسێك کە تەماشای ڕۆژنامەکانی سوید بکات( تەنانەت ڕۆژنامەکانی ئەوروپاش ) کاتێك قسەو باس لەسەر کێشەی پەنابەرانێکە کە لێرە دەژین, ئەوا بە سادەیی هەست بە مۆدێلی شیکردنەوەی کولتوری دەکات کە بۆ خوێندنەوەی ئەو پرسیارانە لەبەر چاو دەگیرێن. لە تەواوی پرسیارەکانی لاقەکردنی گەنجانی پەنابەر بۆ کچان, دزین, شەڕ و کوشتن و زۆرێك لە تاوانەکانی تردا, خوێنەر یەکسەر خۆی لەبەرانبەر خوێندنەوەیەکی بێ گیاندا دەبینێتەوە کە خاڵی دەستپێکردنەکەی ڕەهەندی ئیتنی و کولتوری تاوانبارە. کەچی سەرنجڕاکێش ئەوەیە, لە و شوێنەی دا کە دەکرێ پێشینەی کولتوری وەك سەرچاوەیەك لەبەر چاو بگیرێت, بە تایبەت لە پەیوەند بە تاوانەکانی شەرەفدا, ئەوا دەستەواژەی "تاوان هەر تاوان" ە وەك پەرچەمێك بەرزدەکریتەوە.
سەرنجێك لەم خوێندنەوەیە بدەن لە پەیوەند بە ئاستی بەرزی ڕێژەی تاوانەکانی دزینی ئۆتۆمبیل, بازرگانی کردن بە کالای دزراوەوە, مەوادی بێهۆشکە ر و زۆر شتی تر, کە بە پێی را پۆرتەکانی دەستگای پۆلیس لە ناو گروپێکی ئیتنی وەك ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆدا بوونی هەیە. ئەم وێنەیەی کۆسۆڤۆی ئەلبانی, لەناو بەشێکی زۆری ئەو پەنابەرانەشدا کە لە نزیکەوە لە کەمپەکاندا لە گەڵیاندا دەژین, دروستی خۆی دەسەلمێنێ. ئەم شیکردنەوەیە لە پەیوەند بە کۆسۆڤۆکانی ئەلبانیاوە, هێندەی تێڕوانینێکی ڕاسیستی لە پشتییەوەیەتی, هێندە نزیکایەتی بەو پرسیارەوە نییە کە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە و تەنها بوونی چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە بەرپرسیارییەتی هەیە لە دروستکردنی تاوانباردا. بەڵام ئایا بەڕاستی هۆی ئەم بەرزی ڕێژەی تاوانکارییەی کۆسۆڤۆکانی ئەلبانی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا کۆسۆڤۆکان دزن لەبەر ئەوەی کە خەڵکی ئەلبانیان؟
بەڵام سەرچاوەی پرسیاری "دزی" بەشێك لە کۆسۆڤۆکانی ئەلبانیا لە جێگایەکی تردایە.
ئەگەر وتەکانی "سیمۆن دی بۆڤوار" لە پەیوەند بە ژنانەوە لەبەرچاو بگرین, ئەوا ئاسانتر کێشەی بەرزی ڕێژەی تاوانکاری ئەو گروپەمان بۆ ڕووندەبێتەوە. دی بۆڤوار دەڵێ:" ئێمە وەك ئینسان لە دایك دەبین و بە ژن دەکرێین." ئەگەر ئەم دەستەواژەیە دووبارە تێکبشکێنینەوە و بینووسینەوە, ئەوا بە مجۆرەی لێدێت:" کۆسۆڤۆکانی ئەلبانیا وەك ئینسان لە دایك دەبن و بە دزدەکرێن"
کۆسۆڤۆکانی ئەلبانیا, قوربانیانی شەڕی ناتۆن لە یوگوسلافیادا. دەولەتانی ئەوروپا بۆ بەخشینی رەوایەتێکی تری ئینسانی بۆ جەنگی خۆیان لە یوگوسلافیادا, ئامادەبوون کە هەزاران پەنابەری کۆسۆڤۆ لە وڵاتەکانی خۆیاندا وەك پەنابەر وەربگرن. بەڵام نەك وەك پەنابەرانێك کە خاوەنی ئیقامەی دائیمی بن, بەڵکو ئیقامەی ئەم گروپە مەرجدارکراوە بە و ئاڵوگۆڕە سیاسییەوەی کە لە کۆسۆڤۆدا دەکرێت پێك بێت. ئەوان لێرەن تا ئەو کاتەی هەلومەرجی سیاسی لە خوارەوە بەرە و

"ئارامی" دەڕوات" ئارامییەك كە ئەوروپا بڕیاری لەسەر دەدات, نەك ئەوەی كە هاوڵاتییەكی ئەویٚ چ پێناسەیەكی بۆ ئارامی سیاسی هەیە, دواتریش ڕەوانەدەكرێنەوە بۆ ئەویٚ. بۆیەش ئیقامەی كۆسۆڤۆكانی ئەلبانیا چ لە ئەڵمانیادا و چ لە سویدا ئیقامەیەكی كاتییە و هەموو پەنابەرێكی ئەم ناوچەیە باش دەزانێت كە ڕۆژێك دەبیٚ دیپۆرت بكرێتەوە بۆ ئەلبانیا. كاتێك پەنابەر لە وڵاتی نوێدا لە چاوەڕوانییەكی گەورەدا ژیان بەسەردەبات تاكو ڕۆژێك ڕەوانە بكرێتەوە بۆ ولاتێك كە نە خانوی بە پێوە ماوە, نە توانای ئەوەیشی هەیە سەر لەنویٚ ژیان دەست پێبكاتەوە بە دەستی بەتاڵەوە, ئەو كاتە تەواوی ئەو خەونانەی كە پەنابەرێكی ئاسایی هەیەتی و دەزانێت كە فشاری دیپۆرتكردنەوەی لەسەر نییە لە چوونە قوتابخانە و گەران بە شوێن كاردا و دانانی بنەیەك لە وڵاتی نوێدا, ئەمانە هەر هەموویان هیچ جێگایەكی ئەوتۆ داگیر ناكەن و ئومێدی پەنابەر لەوێدا كۆدەبێتەوە كە بە خێراترین شێواز زیاترین پارە بەدەست بێنێت و وەك سەرمایەیەك بۆ ئاییندەی گەڕانەوەی كاری لەسەر بكات. پەنابەری كۆسۆڤۆ لە ئەوروپادا لە خەونی دروستكردنی ژیانێكی سادە دەكرێت و هەموو ئومێدەكانی بە ئایندەیەك دەسپێردرێت كە لە گەڕانەوەیدا بۆ وڵاتی شەر و بێكاری دەبێت بێتە دی. هەر بۆیەش ئینسانێك لە ژێر كاریگەری ئەم خەون لێزەوتنكردنەدا لێرە, بە ئامانجی كڕینەوەی ئەو خەونە لە وڵاتی خۆیدا, دەبێت سڵ لە هیچ كارێكی ڕەش و تەنانەت تاوانكارییانەش نەكاتەوە. كاتێك بەشێكی زۆری پەنابەرانی كۆسۆڤۆ ڕوودەكەنە بازاڕی كاری ڕەش و كڕین و فرۆشتنی تەلەفۆن و سەیارەی دزراو, ئەوان وەك كارێكی ناشیاو سەرنجی لێنادەن, بەڵكو وەك هۆكارێكی خێرا بۆ بەدەستهێنانی پارەیەكی مۆڵ بە كورتترین ڕێگا سەرنجی دەدەنیٚ. بە كورتییەكەی, پەنابەرانی ئەلبانی دز نین و بە دز دەكرێن.

بەرزی ڕێژەی تاوانی ناو گروپی پەنابەرانی ئەلبانی هیچ پەیوەندییەكی بە شوێن پێی ئیتنی و كولتوری ئەم پەنابەرانەوە نییە و پرسیارێكی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای سویدە. بەڵام كاتێك مێدیای سوید تەنها بە بەرجەستەكردنەوەی ڕەهەندی ئیتنی و كولتوری ئەم پرسیارە و گیردەكات و نایەوێت ڕەهەندی كۆمەلایەتی ئەم پرسیارە بەرجەستە بكرێتەوە, خوازیاری ئەوەیە كە ئەم كێشەیە بە پرسیارێكی ئەلبانی لەقەڵەم بدات و گەردنی كۆمەڵگای سویدی لیٚ ئازاد بكات كە نەبوونی ئیقامەی ئەم گروپەیە لە وڵاتی نوێدا.

ئەم خوێندنەوەیە بە شێوازێكی تر لە پەیوەند بە تاوانەكانی شەرەفەوە كاردەكات و بە ئاڕاستەیەكی ترەوە لە داتەكاندنی بەرپرسیارێتی دەولەت بۆ چارەسەری كێشەی ئەو ژن و كچانەی كە لە ژێر چەقۆكانی ناموسپەرستیدا راگیراون خۆی بەرجەستە دەكاتەوە. من لە شوێنێكی تردا دیمەوە سەر ئەم لایەنەی كە بۆچی لە كەیسی تاوانی شەرەفدا ڕەهەندی كولتوری ئەم پرسارە نابینرێت و لە كەیسی تاوانەكانی دزی ئەلبانییەكاندا دەبێت بەرجەستەبكرێتەوە.

### تاوانی شەرەف

لە و قسەو باسەنەی كە زۆرینەیەك لە خەڵكی كورد لە كەناڵەكانی مێدیای سویدەوە دەیكەن و لە ڕادیۆ ناوخۆییەكانی شارەكانی سویددا بەر گویٚ دەكەون, یاخود ئەو وتارانەی كە لە سایتەكانی ئینتەرنێتدا نووسراون, ناڕۆشنییەكی گەورە هەیە. ئینكاركردنی تاوانی شەرەف وەك بەشێك و جومگەیەكی گەورەی ناو ئەو كولتورەی كە بە كولتوری كورد دەناسرێت, خیتابی گەورەی ئەم لێدوانانەیە كە لە پەیوەند بەم پرسیارەدا خراونەتە ڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش بانگەوازی لە چەشنی: " لە هەموو كۆمەڵگایەكدا ژنكوژی هەیە و كەیسی فاتمە هیچ جیاوازییەكی لە گەڵ كوشتنی پیاوێكی سویدی بۆ ژنەكەیدا نییە" , یاخود:" تاوان هەر تاوانە و باوكساری لێی بەر پرسیارە."

ئەو دیدەی لە پشت ئەم خیتابەوە كاردەكات, ئامانجدارانە نایەوێت ئەو سیستەمە ببینێت كە دووبارە بەرهەمهێنەرەوەی تاوانەكانی شەرەفە. تەنانەت ڕادیكاڵترین خیتابێكیش كە ئاماژە بە ڕۆڵی "باوكسالاری" دەكات و قسە لە جیهانی بوونی دەسەڵاتی باوكسالاری دەكات, لە بێوەڵامییەكی گەورەدا بە جێمان دەهێڵێت بە تاییەت لە پرسیاری وەڵامی عەمەلی چۆنێتی دانانی پلاتفۆرمێكی ڕۆشندا بۆ چارەسەركردنی ئەم پرسیارە لەمڕۆی سویدا. چونكە كاتێك پەیامی "تاوان هەر تاوانە و لە هەموو جێگایەكی سەر زەویدا ژن دەكوژرێت" بەرزدەكرێتەوە, ئەوا ئامانجدارانە قبوڵی ژنكوژی دەكات و باوكسالاری بە بەرپرسیار دادەنێت. لە كاتێكدا لەمڕۆكەی سویدا, ئیمكانی ئەوە هەیە كە تاوانەكانی شەرەف بنەبڕبكرێت و ئەو ئاستەی

کە پرسیاری بەرابەری لەم وڵاتەدا پێی گەییوە، توانای پاراستنی قوربانییەکانی تاوانی شەرەفی هەیە بەر لەوەی دەستی درێژی شەرەف پارێزانیان پێ بگات.

### سیستەمی باوکسالاری و جیهانی بوونی ئەو

ئەگەر لە هات و هاوار و بانگەوازی نووسەرانێکدا دەنگێك هەبوو بێت کە لەبەرانبەر تاوانەکانی شەرەفدا کە قسەیەکی جیاواز تری کردبێت، ئەوا دووبارە کردنەوەی ئامادەیی چەمکی دەسەڵاتی باوکساری بووە. بۆ ئەم مەبەستەش هەندێك لە نووسەران هێندە زۆر رۆیشتن کە لە رۆژنامەکانی ئەوروپادا هەواڵی کوشتنی ژنێکی ئەڵمانی یان سویدییان بە تێکستی هەمان زمانی رۆژنامەکانەوە دەخستە سەر سایتەکانی ئینتەرنێت و بانگەوازی جیهانی بوونی سیستەمی باوکسالارییان دووپاتدەکردەوە. ئەم هەموو کارکردنە تەنها بۆ ئەوە بووکە رەهەندی کولتوری تاوانەکانی شەرەف بسڕنەوە. بەڵام ئایا ئەم خوێندنەوەیە چی تازەی بۆ کەشفکردوین؟ دووپاتکردنەووی ئەوەی کە ژنکوژی لە هەموو کۆمەڵگاکانی ئەمرۆی سەر زەویدا ئەنجام دەدرێت و کوشتنی فاتیمە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کوشتنی کچێکی ئەڵمانی و سویدیدا نییە، ئەیەوێت چیمان پێبڵێت؟ "بمرێ باوکسالاری". بەڵام ئەم جۆرە خوێندنەوەیە خاوەنی قسەیەکی رادیکاڵانە تر بوو. بۆیەش کۆتایی هێنانی بە سەرمایەداری وەك سەرچاوەی مەینەتەکان بانگەواز کرد. ئەم وتانە ئەلف و بێی هەر کەسێکە کە پێی وا بێت سەرمایەداری سەرچاوەی هەموو مەینەتەکانی ئەمرۆکەی سەر زەوییە و بە کۆتایی هێنان بەم دێوەزمەیە کە دووبارە بەرهەمهێنەرەوەی نایەکسانییە، کۆمەڵگای ئینسانی دەتوانێت ژیانێکی دوور لە چەوساندنەوە بەسەر بەرێت. بەڵام هەر ئەمرۆکە و لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا ئینسان توانای دەستکورتکردنەوەی ئەم سیستەمەی هەیە لە دەستدرێژییەکانیدا بۆ سەر حورمەتی ئینسان. خەباتی بزوتنەوەی یەکسانی خوازانەی ژنان لەم چەند سەدەیەی دواییدا، شایەتی ئەوە دەدات کە ژنان بوونەتە خاوەنی بەشێك لە و مافانەی کە بۆ ژنانی زۆر جێگای ئەمرۆکەی سەر زەوی خەونە. ئەمرۆکە لە وڵاتێکی وەك سویددا کەی کێشەی ژن ئەوەیە کە باوك بەزۆر بیدات بە شوو، یان لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات کە سێکسی هەبووە لە دەرەوەی خێزاندا یاخود نا. بەڵام بۆ زۆرێك لە ژنانی پەنابەر، نەك هەر سێکس کردن بە ئارەزووی خۆ لە دەرەوەی چوارچێوەکانی خێزاندا، بەڵکو مافی هەڵبژاردنی هاوسەریش لە جەرگەی ئەوروپادا خەونێکە. نەبینینی خەونی شووکردن بە خواستی خۆ، نەك سێکس کردن لەدەرەوی خێزان، پەڵە کوێرەکانی ناو چاوی ئەو دیدەیە کە جیاوازییەکانی نێوان دەسەڵاتی باوکساری کۆن و "مۆدێرن" نابینێت و جیهانی بوونی سیستەمی باوکسالاری بە گوێمانا دەدات.

بەڵام خودی دەسەڵاتی باوکسالاری چییە؟

ناتوانین قسەیەك لە تاوانەکانی شەرەف بکەین، ئەگەر ئەو سیستەمە باوکسارییە شینەکەینەوە کە لە پشت خیتابی شەرەفەوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ژناندا فەرز کردووە. بەڵام ئایا سیستەمی باوکسالاری تەنها لەیەك شێوازدا دەردەکەوێت؟ ئەو خیتابەی کە دەسەڵاتێکی باوکسار لە هەناوی مەزهەبەوە دەیهێنێتە دەرێ هەر هەمان خیتابە کە دەسەڵاتێکی باوکسار دەیەوێت لەسەر سێکسوالیزەکردنی جەستە کاربکات؟ سیستەمی باوکسالارییەك کە لە یەکێتی کرێکارانی سوییددا خۆی داکوتاوە و رێگرە لەبەردەم هاتنەناوەوەی ژناندا بۆ ئاستە بەرزەکانی کاری نیقابیدا هەر هەمان سیستەمە کە لە ناو ناسیونالیزمدا نیشتیمان دەکاتەوە بە دایك و لەوێشەوە لاقەکردنی ژنانی نەتەوەی دی دەکاتە پرۆسەی ئەتککردنی نیشتیمانی سەربازانی دوژمن؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ من بە "ئا" نییە. بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو توانای دەرکەوتنانەی سیستەمی باوکساریدا، هێشتاکەش دەتوانین پێناسەیەکی گشتی بۆ ئەم سیستەمە بکەین.

سیستەمی باوکسالاری ئەو سیستەمەیە کە بەهۆیەوە هەڵاواردنی نێوان ئینسانەکان بە هۆی جنسیەتەوە دووبارە بەرهەمدەهێنێتەوە و لەسەر دووبارە راگرتنەوەی سەردەستیەیی پیاو و ژێردەستەیی ژنەوە کاردەکات. بەڵام سەردەستەیی پیاو و ژێردەستەیی ژن ناتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات ئەگەر سیستەمێکی تر نەبێت کە زەمینەی ئەم هەڵاواردنەی لەناو خۆیدا هەڵنەگرتبێت تاکو جیاوازییە سروشتییەکانی نێوان ژن و پیاو بکاتە هۆکارێك بۆ بەرهەمهێنانەوەی نابەرابەری. دەسەڵاتی سیستەمی باوکساری تەنها ئەو کاتە دەتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات کە زەمینەکانی

هێشــتنەوەی نابەرابــەری ئامادەیــی هەبێت تاکو ئەم سەردەستەیی و ژێردەستەییە بەرهەمبهێنێتەوە. بە کورتییەکەی ئەوە کــۆمەڵگای چــینایەتی و سیســتەمی قازانجــە کــە ئینســانەکان لــە دوو جێگا و شوێنی جیاوازدا ڕادەگرێت و جیاوازییەکی سروشــتی نــێوان ئینســان دەکاتــە چوارچــێوەیەکی گونجاو بۆ درێژەدان بەتەمەنی سیستەمی نابەرابەری. ئەوە جێکەوتنی جیاوازیــیە سروشــتییەکانی نــێوان ژن و پــیاوە لــە چوارچــێوەی پەیوەندییەکــی ناسروشــتی کۆمەڵایەتــیدا کــە لەســەر بەرهەمهێنانەوەی قازانج ڕاوەستاوە کە سەردەستەیی و ژێردەستەیی دەکاتە واقعیەتێکی زیندوو.
بــەڵام تاییە تمەندییەکــی ئــەم سیستەمی پیاوسالارییە لەوەدایە کە بە پێی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوری جــیاواز توانای خۆگۆڕین و خۆدەرخستنەوەی لەژێر دەموچاوی جۆراوجۆردا هەیە. لەو شوێنەیدا دەسەڵاتی پیاوسالاری گورزی کوشــندەیی بەردەکــەوێت و پانتاییەکانــی دەســەڵاتی دەکەوێــتە بــەر پەلاماری بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و رادیکاڵانەی کــۆمەڵگا, ئەگــەر زەمینەکانــی سیســتەمی باوکســاری بە پــێوە مابــێت, ئــەوا ئەوەیش شێوە و ناوەڕۆکی خۆی دەگۆڕێت و بە دەموچــاوێکی ترەوە دێتەوە مەیدان. ئەمڕۆ ئیتر سیستەمی باوکسالاری "مۆدێرن" لە ئەورووپادا ناتوانێت بە "ناقص العقل" بوونــی ژنانــەوە بێــتە گــۆ. بەڵکــو پــەیام و تەنانەت شێوازی دەرکەوتنەوەیشی لە ژێر پەیامێکی تری بەناو ئینسانییەوە دەردەبــڕێت. دەرکەوتنی کەیسێکی پێدۆفیل ( لاقەکردنی منداڵی بچووک ) لە ناو باخچەی ساوایاندا بەسە بۆ ئەوەی کە پیاو لــەم بــوارەی کارکــردندا دوور بخاتــەوە و لەژێر ئاڵاکانی داکۆکیکردن لە مافی منداڵاندا, کارکردن لەم شوێنەدا بکاتە تاکە کارێکی کەم کرێی ژنانە.
ئەگەرچی سیستەمی باوکساری بە گشتی لەسەر ڕاگرتنی سەردەستەیی پیاو و ژێردەستەیی ژنەوە کار دەکات, بەڵام هۆکار و کایەی جۆراوجۆر دەسازێنێت تا دووبارە خۆی پێناسە بکاتەوە.

## تاوانی شەرەف و سیستەمی باوکساری

لــە هــیچ زمانێکــی جیهانــیدا کــە تــیایدا چــەمکی کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف برەوی هەیە, بەقەد زمانی کوردی بنەما و تەنانــەت هۆکاری ئەنجامدانی ئەم کارە ڕۆشن نییە. لە کۆمەڵگای کوردیدا پیاو, جا باوك بێت یان برا یان ئامۆزا یان هەر نەوەیەکــی تری نێر کە لە ئامادەنەبوونی ئەو کەسانەی تردا دەکرێت ڕۆڵی کوژەری ئافرەت ببینێت, هەڵدەستێت بەم تاوانە تاکــو شەرەفی خۆیی و بنەماڵە بکڕێتەوە. ژنی کوژراو ئەو کەسە بوو کە ئەم شەرەفەی هەرزان فرۆشت, بۆیەش بۆ کڕینەوەی دەبــێ نرخێکــی گــرانتر بــدرێت کــە بە هیچ شتێکی تر نا پێورێت, ژیانی خودی ئافرەت نەبێت. ئەوەی ئەم پرۆسەی کڕین و فرۆشتنەی لەسەر ئەنجامدەدرێت, سێکسوالیتێتی ژنە.
بە پێی ئەو سیستەمە فیکرییەی کە دەسەڵاتی باوکساری کۆن لەسەری کار دەکات و تەواوی بەهاکانی ڕێزلێگرتنی ئینسانی لەســەر دادەمــەزرێت, کــە تیایدا بە پلەی یەکەم ئەو ئینسانە پیاوە, سێکسوالیتێتی ئافرەت خاڵی سەنتەر و بگرە تەواوی بنەماکانــی ڕێــز و حورمەتــی پــیاوی لەســەر ڕاگــیراوە. بە پێی ئەم دەستگا فیکرییە هەر پەیوەندییەکی جنسی ئافرەت لە دەرەوەی ئــەو نــۆرمەی کە خێزانە, مانای پیسکردن و لەکەدارکردنی شەرەفی پیاوە. ئەم کردەوە سێکسییە لە پلەی یەکەمدا گــرنگ نیــیە کــە لــە باری فیزیکییەوە ڕووی دابێت.واتا هەر جووڵەیەکی ئافرەت, نیگایەکی ئەو کە بۆنی سێکسی لێ بێت, کافیــیە بۆ ئەوەی کە بە مانای لەکەدارکردنی شەرەفی پیاو لێکبدرێتەوە. تاوانی شەرەف کە لەلایەن سیستەمی باوکسالاری کۆنەوە بەرهەمدەهێنرێتەوە هیچ شتێك نییە جگە لە کۆششی ئەم دەسەڵاتە بۆ کۆنترۆڵکردنی سێکسوالیتێتی ژن.
ژن لەژێــر کاریگــەری ئــەم دەســەڵاتە باوکســالارییەدا, ئــەو کەســەیە کــە خۆی خاوەنی جەستەی خۆی نییە و هەر بۆیەش سێکسوالیتێتی ئەو و بڕیاردان لەسەر کردنی ئەم کارە دەخرێتە دەستی پیاوانی خێزان و هۆز و خێڵەوە.
بــەڵام پــیاوی ئەنجامــدەری تاوانــی شــەرەف هــیچ شــتێك نییە جگە لە ئامرازێك. تاوانباری ڕاستەقینە ئەو فشارە گەورە کۆمەڵایەتیــیەیە کە سیستەمی باوکسالاری لەدەرەوەی تاکەکان دروستی کردووە و تیایدا هەموو ئاراستەکان ڕووبەڕووی ئەو پــیاوە کــراوەتەوە کــە ژنەکەی, خوشکی یان دایکی شەرەفی ئەوی دۆڕاندووە و پێی دەڵێن : بڕۆ شەرەفت بکڕەرەوە. ئەوەی کە تاییە تمەندی تاوانی شەرەفە و ئەم تاوانە لە کوشتنی پیاوێکی سویدی بۆ ژنەکەی جیادەکاتەوە, کاریگەری ئەم دەسەڵاتی

باوکسالارییەیە لەسەر ئەو تاکانەی تری کۆمەڵگا کە ڕەنگە نزیکایەتییەکی ئەوتۆییشیان لەگەڵ بنەماڵەی پیاوەکەدا نەبێت. فشارێك کاتێك هەست بە ڕەوینەوەی دەکرێت و پیاوی ئەنجامدەری تاوان دەتوانێت ئاهێك هەڵبکێشێت و سەربەرزانە بە کۆمەڵگادا بگەڕێت کە تاوان ئەنجامدراوە. پیاوی تاوانی نامووسی لە شڵەژانییەکی گەورەی دەروونیدا ژیان بەسەر دەبات کاتێك ژنێکی نزیکی خۆی شەرەفی پیاوانی بنەماڵە دەخاتە مەترسییەوە. ئەو ژن دەکوژێت بۆ ئەوەی شەرەف بکڕێتەوە و بالانسی ڕۆحی خۆی وەربگرێتەوە. ئەو سەرشۆڕترین پیاوەکانی کۆمەڵگایە و دەکوژێت بۆ ئەوەی سەربەرزکاتەوە. کاتێك لە وشەی "سەربەرزکاتەوە" وورددەبینەوە ئەوسا بۆمان دەردەکەوێت ئەم پرۆسەی سەربەرزکردنەوەیە کاردانەوەیەکی تاکگەراییانەی پیاوکوژنییە. بەڵکو لەبەرانبەر کەسانێکی تردا سەری خۆی بەرزدەکاتەوە کە تاکو ئەنجامنەدانی تاوانەکە بە ئینسانێکی بێ شەرەف و سەرشۆڕییان لەقەڵەم دەدا. هەربۆیەش لە پرۆسەی سەربەرزکردنەوەی تاوانباردا ئێمە خۆمان لەبەرانبەر یەکێك لە هەرە تایبە تمەندییەکانی تاوانی شەرەفدا دەبینینەوە کە لە تاوانی تری کوشتنی ژناندا وە بەتایبەت لەو شوێنانەی کە چەمکی شەرەف لە سێکسوالیێتی ژن جیاکراوەتەوە, بوونی نییە. ئەم تایبە تمەندێتییەی تاوانی شەرەف ئەوەیە کە ئێمە ڕووبەڕووی کێشەیەك نین کە لە نێوان دوو تاکی کۆمەڵگایەکدا بێت و لەسەر کێشەیەکی تایبەتی بە کوشتن تەواو بێت. بەڵکو ئێمە لەبەرانبەر تاوانێکداین کە تیایدا ژن وەك تاك لەبەرانبەر سیستەمێکدا ڕاگیراوە. تاوانی شەرەف کردەوەیەکی تاوانکارانەی تاك نییە لە بەرانبەر تاکێکی تردا. بەڵکو تاوانی شەرەف کردەوەیەکی کوژەرانەیە کە تیایدا سیستەمێکی گەورە لەبەرانبەر تاکێکدا سەنگەردەگرێت و بڕیاری مەرگی بەسەردا دەبارێنێت. ئەوەیشی کە ڕەهەندی کولتوری بەم تاوانە دەبەخشێت, بە کۆمەڵایەتیکردنی چەمکی شەرەف و چڕکردنەوەی ئەم چەمکەیە لە سێکسوالیتێتی ئافرەتدا کە سەرتا پای کۆمەڵگا دەتەنێت و بە شێوەی تۆڕێکی گەورە ئینسانەکان لە ناوخۆیدا یەخسیر دەکات. لەو کۆمەڵگایانەدا کە تاوانی شەرەفی تێدایە ئێمە شایەدی بەهایەکی تر و پێناسەیەکی تری شەرەف نین کە لە سێکسوالیتێتی ژنان جیاکرابێتەوە. پیسترین و ناشیرینترین جنێوەکانی ئەم کۆمەڵگایانە بە کۆمەڵگای کوردیشەوە, ئەو جنێوانەن کە دەبێ دایك و خوشکی کەسی جنێوپێدراو بگرێتەوە. بەمە ئینسان لە ناسکترین تاڵەکانی هەستی ئەو کەسە دەدات کە هەموو حورمەت و ڕێزی خۆی لەو شوێنەدا کۆدەکاتەوە کە کەسی جنێودەر لە ڕێگەی جنێوەکانییەوە بەنیازە پیسی بکات.

لە کۆمەڵگای کوردیدا هەتا ساتە وەختەکانی ئێستاکەش شەرەف و سێکسوالێتی ژن بەجۆرێك بەناو یەکدا چوون کە مەحاڵە لەیەکتری جیابکرێنەوە.

## دووڕەگ بوونی سیستەمی باوکسالاری

دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سەردەستەیی پیاو و ژێردەستەیی ژن, پایەیترین بنەماکانی سیستەمی باوکسارییە. بەڵام هەر لەبەر ئەوەی ئەم سیستەمە لەسەر ڕاگرتنی دەسەڵاتی پیاو کاردەکات و تاکە خزمەتێکیش کە ئەم سیستەمە بە سیستەمی ئابووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای دەکات بۆ بەردەوام بوونی هێشتنەوەی نابەرابەرییە, نابێتە سیستەمێك کە ڕەگەزی نێری هەبێت.

بە کورتییەکەی دەسەڵاتی باوکساری خاوەنی ڕەگەزێکی نێرانە نییە هەر لەبەر ئەوەی کە پارێزەری دەسەڵاتی نێرە. ڕۆشنکردنەوەی ئەم لایەنە لە پەیوەند بە جنسییەتی سیستەمی باوکسالاریەوە کۆمەکێکی زیاترمان دەکات بە کاراکتەرێکی تری تاوانی شەرەف کە لە ژێر ناونیشانی سیستەمی باوکسالاریدا ووندەبێت. سیستەمی باوکسالاری جنسییەتی نییە وەك ئەوەی کە بڵێی نێرە. بەڵکو ئەم سیستەمە خاوەنی شوناسێکی بێ جنسییەتە. واتا دەکرێ هاوکات هەڵگری جنسییەتێکی نێرانە و مێیانەش بێت. ئەم دووالیزمە جنسییەی سیستەمی باوکسالاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووە درێژەی ئەم سیستەمە و کاریگەرییەکانی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا. ئەوە تەنها پیاوان نین کە بەرپرسیاری ڕاگرتنی سییستەمی شەرەفن کە لە پلەی یەکەمدا لەسەر سێکسوالێتی ژنەوە پێناسە کراوە. بەڵکو ژنانێکی زۆری کۆمەڵگاش بە هۆی مێژوویەکی درێژی ئەم ژێردەستەییەیانەوە بوونەتە هەڵگری کولتورێکی پیاوسالارانە و بە بەشێك لە لەشکری پارێزەرانی شەرەف گۆڕدراون. دووبارە جەختکردنەوەی دایکان لە وەرگرتنەوەی پەڕۆی خوێناوی کچی تازە شووکردوو, هاوبەشیکردنێکی چالاکانەی ژنانە

لـە دووبـارە درێژەپـێدان بـە کولـتوری شـەرەفێکدا کـە لـە دوو دڵۆپە خوێنی پەردەی کچێنی کچەکانیاندا کۆکراوەتەوە, هاوکاتیش وەفاداربوونی خۆیانە بەو کۆنتراکتەوەی کە دەسەڵاتی باوکسالاری پێی ئیمزاکردوون کە دەبێ سەربەرزی خۆیان و رۆڵی دایکایەتییەکی باش بۆ خۆیان لە پەروەردەکردنێکی بەشەرەفانەی کچەکانیانەوە رابگەیێنن.

ئـەم "پیاوسالارییە"ی بەشێکی زۆری ژنان تەنها لە ژنانێکی ترادیسیۆنیدا بەرجەستە نابێتەوە وبگرە بەشێکی تری ژنانی تری کۆمەڵگا دەگرێتەوە. ئەم پیاوسالارییەی ژنان لە ناو سیستەمی باوکسالاری مۆدێرندا لەشکرێکی گەورەی لە نووسەران و رۆژنامەنووسان پێکهێناوە کە بەرپرسیاری یەکەمی رۆژنامەکانی مۆدە و جوانی ئافرەتن و ئەرکی یەکەمییان پێسپێردراوە لە پرۆسـەی سێکسـوالیزەکردنی جەسـتەی ئافـرەتدا کە خەسڵەتی سەرەکی دەسەڵاتی باوکسالاری مۆدێرنە. بۆیە کاتێك ئەم دیدەمان لەبەرچاودا بێت بەرانبەر بە سیستەمی باوکسالاری کە رەگەزێکی نێرانەی نییە و دەکرێ هەڵگری هەر دوو رەگەزەکە بـێت, دەتـوانین خـۆمان لـەو خیـتابە فێمینیسـتییەی ئـەوروپا رزگارکـەین کـە پەیامـی بەشـێکی زۆری بـزووتنەوە فێمینیستییەکانی ئێرەیە و لە دوائە نجامدا لە رقێکی کوێرانەی دژی پیاوەوە خۆی بەیان دەکات.

ئـەم دوورەگەزیـیەی سیسـتەمی باوکسـاری, ئـەو لایەنـەی تاوانـی شەرەفمان بۆ روونەکاتەوە کە خیتابی شەرەف تەنها خیتابێکـی پیاوانەی رووت نییە و ژنانیش بە شێوەیەکی تر شەریکی دووبارە راگرتنەوەی پایەکانی ئەم سیستەمەی شەرەفن کە لەسەر کۆنترۆڵکردنی سێکسوالیێتی خۆیان راگیراوە.

تاوانـی شـەرەف کوشـتنێکی کـوت و پـڕی کێشـەی نـێوان دوو کەس نییە کە لە ئان و ساتێکی تایبەتیدا دەتەقێتەوە و بە کوشـتنی ژن کۆتایـی پـێ دێـت, بەڵکـو پرۆسەی ئیعدام کردنێکی بە ئاگاهایانەیە و بە نەخشەیەکی وورد و درشت دەچێتە پێشەوە و پیلانێکی درێژی کۆمەڵێ کاراکتەری سەرەکییە کە ژنیش تیایدا بەشدارە.

### باوکسالاری مۆدێرن

من لە ناوهێنانی ئەم سیستەمی باوکسالارییەدا وشەی مۆدێرن بەکاردەبەم نە بە بە مانای مۆدێرن بوونی پەیامەکەی. بەڵکو تـەنها بۆ جیاکردنەوەی لەو سیستەمی باوکسالارییەی کە میکانیزمەکانی کارکردنی بە جۆرێکی ترە و تەواو بە پێچەوانەی باوکسـاری کـۆنەوە کـار دەکـات. ئەگەرچـی لـە دوا ئە نجامـدا هـەر دوو لایان دوو دەسەڵاتی تایبەتین بۆ بەردەوامبوونی نابەرابەریـیەك کـە لـە کـۆمەڵگادا بوونی هەیە. لە سیستەمی باوکسالارییەکدا کە لە ئەوروپای خۆرئاوادا و تەنانەت لە بەشـێکی زۆری ئـەوروپای خۆرهەڵاتیشـدا بـەر پرسـیاری هێشـتنەوەی نابەرابـەری نـێوان ژن و پیاوە, چەمکی شەرەف لە دەسـەڵاتی باوکسـالار دەرهێنـراوە و لـە سێکسوالیتێتی ژن جیاکراوەتەوە. ژن لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا خاوەنی جەستەی خۆیەتـی و ئەوە تەنها خۆیەتی کە پەیوەندیی جنسییەکانی خۆی رێکدەخات و سێکسوالیتێتی ئەو لە دەسەڵاتەکانی خێزان و خـێڵ و گرووپـی تـر دەرهێنـراوە. خاوەنـدارێتی بوونـی ژن بـۆ جەستەی خۆی و گۆڕینی کردەوەی سێکسی ئەو بە کارێکی تایبەتـی و شەخسـی, بـە مانـای رزگارکردنـی جەسـتە و سێکسوالیتێتی ژنە لەو سیستەمەی کە چەمکی شەرەف و کولتوری شـەرەفی دەسـەڵاتی باوکسالاریەکی کۆن پێکدەهێنێت. بەڵام هاوکاتیش ئەم سیستەمە پاش لە دەستدانی دەسەڵاتی بەسەر جەسـتەی ژن و سێکسـوالیتێتی ئـەودا, ئـەمجارەیان لە رێگەی سێکسوالیزەکردنی جەستەوە خوازیاری داگیرکردنەوەیەتی. ئەوەی کە ئەم شۆڕشە لەبەرانبەر سیستەمی باوکسالاریدا بەرپادەکات و شەرەف لە جەستەی ژن دەکاتەوە" خەبات و کۆششی بـزووتنەوەی ژنـان و بـزووتنەوەی کـرێکاری و بـزووتنەوە رادیکاڵەکانـی ئەم کۆمەڵگایانەن. ئێمە لەبەرانبەر دەسەڵاتی باوکسـالاریدا خـۆمان لـە نـاو هاوکێشـەیەکدا دەبینینەوە کە لە "سەردەستەیی" پیاو و "ژێردەستەیی" ژن پێك هاتووە. پرسـیاری بەرابـەری لـە گشتییەتی خۆیدا هیچ شتێك نییە جگە لە تێکشکاندنی میکانیزمەکانی ئەم هاوکێشەیە و گۆڕینی تـەرازووی دەسەڵات بە و شێوەیەی کە مەسافەیەك لە نێوان سەردەستەیی و ژێردەستەییدا نەمێنێت. پرسیاری بەرابەری ژن و پـیاو هـیچ شـتێکی تـر نیـیە جگـە لـە تێکشـکاندنی ئەو زەمینانەی کە سیستەمی باوکسالاری ژنێتی و پیاوێتی وەك دوو شووناسـی ئەزەلـی و ئەبـەدی قـبوڵدەکات و چـەمکەکانی سەردەسـتەیی و ژێردەسـتەیش لەسەر ئەم جیاوازییە جنسییەوە بەرهەمدەهێنێتەوە. بەرابەری ژن و پیاو هیچ شتێك نییە جگە لە سڕینەوەی شوناسەکانی ژنێتی و پیاوێتی و کردنەوەی ئەم

ڕەگەزانە بە چەمکێکی بیٚ مانا کە تیایدا ئەم جیاوازییە جنسییانە نەبێتە هۆکاری دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەڵاواردنێکی جنسی.

ئەگەرچی سەردەستەیی پیاو و ژێردەستەیی ژن یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی سیستەمی باوکسالاریە کەچی لەو سیستەمەدا کە تاوانی شەرەف بەرهەمدەهێنێتەوە, ئێمە لەبەرانبەر هەمان هاوکێشەی دەسەڵاتدا نین. سەردەستەیی و ژێردەستەیی هیچ شتێك نیشان نادات جگە لەو باڵانسی دەسەڵاتەی کە بزوێنەری ئەم هاوکێشەیەی سیستەمی باوکسالارییە. پرسیاری بەرابەری و فراوانترکردنی مەوداکانی ئەو بۆ تەواوی سترەکچەری کۆمەڵگا, لە فشاری هێزەکانی ژێردەستەیی ژنەوەیە بۆ سەر دەسەڵاتەکانی سەردەستەیی پیاو. ئەوەی لێرەدا پێویستە ڕۆشنبێتەوە ئەوەیە کە هێزەکانی ژێردەستەیی تەنها بە بزووتنەوەیەکی ژنانەوە سنووردارنابێتەوە و کۆمەڵێك بزووتنەوەی سیاسی ڕادیکاڵ لە ژێر ئەم پێناسەیەدا جێگەیان دەبێتەوە. چەندە تەرازووی هێزی ژێردەستەیی گەورەتر بێت وئەم تەرازووی هێزە بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە, هێندە پانتاییەکانی بەرابەری لە کۆمەڵگادا فراوانتر دەبێت.

کەچی لە سیستەمی باوکسالاری کۆندا ئەم هاوکێشەیە هەروا بە ئاسانی کار ناکات, واتا ئێمە خۆمان لەبەرانبەر سیستەمێکی باوکسالاریدا نابینینەوە کە لەسەر هاوکێشەی سەردەستەیی و ژێردەستەیی پێکهاتبێت. ئێمە لەم سیستەمەدا تەنها لەبەرانبەر دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری سەردەستەییانەی موتڵەقداین کە شاقوڵی بەجەستەی سیستەمدا دەچێتەخوار. ئەم یەك ئاڕاستەییەی دەسەڵاتی سەردەستەیی لەوشوێنەوە سەرچاوەدەگرێت کە ئافرەت لەم سیستەمەدا نەك هەر جنسییەتی بەڵکو خۆیشی وەك ئینسانێك لەلایەن باوکەوە خاوەنداریێتی دەکرێت. لەم سیستەمەدا ئافرەت موڵکی خێڵ و خێزان و تەنانەت نەتەوەیشە. کەواتە ئێمە لەبەرانبەر کائینێکدا نین کە ژێردەستەیی بەشێك لە شوناسی ئەو پێکدەهێنێت. بەڵکو کەسێکی تر خاوەنی ئەوە. خەسڵەتی کاڵابوونی ئەم کائینە کە ژنە لێرەوە پێناسەکانی ژێردەستەیی خۆی ووندەکات. تۆ دەتوانی خاوەنی قەڵەمەکەت بیت و بە ئارەزووی خۆت پێی بنووسیت یان فڕێدەیت. بیگۆڕیت و دانەیەکی تر لەبری ئەو بەدەست بێنیت. ئەو هاوکێشەیەی کە خاوەنداریێتی تۆ بە قەڵەمەکەتەوە دەبەستێتەوە, هاوکێشەیەکی هێز نییە کە لەسەردەستەیی تۆ و ژێردەستەیی قەڵەمەکەتەوە سەرچاوەی گرتبێت. تۆ دەسەڵاتی تەواوت بەسەر قەڵەمەکەتدا هەیە و تاکە هێزێك کە ڕۆڵی سەرەکی هەیە تۆیت. قەڵەم کاتێك بوو بە هی تۆ و بوو بەبە شێك لە کاڵاکانی دیکەی تۆ, پەیوەندی خاوەنداریێتی تۆ بەوەوە جێیدەگرێتەوە نەك پەیوەندی سەردەستەیی تۆ و ژێردەستەیی ئەو. ژن لە سیستەمی باوکسالاری کۆندا وەك ئینسانێك خاوەنداریێتی دەکرێت. ئەم پەیوەندی خاوەنداریێتییە لەوەدا بەرجەستەدەبێتەوە کاتێك کارێکی سێکسی ئەنجامدەدا لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەی کە سیستەمی باوکسالار تابووی کردووە, کردەوەیەکی سێکسی کە ئەو بۆی نییە خاوەنی بێت چونکە خاوەنی جەستەیی خۆی نییە , دەبێت لەناوببرێت. مافی ئەم کوشتنە هێندە سادە و ساکار ئەنجامدەدرێت کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ فڕێدانی ئەو قەڵەمەدا کە خاوەنەکەی تووڕە دەکات کاتێك کە نانووسێت.

ئەوەی تایبە تمەندییەکی بەرچاو و گرنگی سیستەمی باوکسالاری کۆنە و لە کوردوستاندا گۆڕستانێك لە ژنانی کوژراوی بە شوێن خۆیەوە بەجێهێشتووە, ئەم دەسەڵاتە موتڵەقەی سەردەستەیی باوکە کە لەسەر خاوەنداریێتی بۆ جەستەی ئافرەتەوە کاردەکات. پرسیاری بەرابەری لە کوردوستاندا و لە شوێنانەی تر کە چەمکی شەرەف بە مانای سێکسوالیێتی ژن بڕەوی هەیە بە پلەی یەکەم گۆڕینی ئەم هاوکێشەی خاوەنداریێتییەیەی سیستەمی باوکسالارە. بەهرەمەندبوونی ژنان لە کۆمەڵیٚ مافی سەرەتایی وەك خوێندن و کارکردن هیچ کامێکیان بە مانای بەهرەمەندبوونی چەمکی پرسیارێك نییە کە بە پرسیاری بەرابەری دەناسرێت. ئاخر ئەم کۆیلەیە ئەگەر بەڕێوەبەری گەورەترین کارخانە و تەنانەت قوتابخانەیش بێت, هێشتاکە وەك ئینسانێك لەلایەن دەسەڵاتی باوکسالارەوە خاوەنداریێتی دەکرێت و بچووکترین هەڵەیەك کە ڕاڤەکردنێکی ئەخلاقییانەی لێبکرێت, بە کوشتنی ئەو کۆتایی پیٚ دێت. ڕزگارکردنی جەستەی ئافرەت لە بەهاکانی شەرەف و بوونەوەی ئافرەت بە خاوەنی خۆیی و سێکسوالیتێتی خۆی, ئەگەر بناغەیترین مافەکانی ژنان نەبێت لە کوردستاندا , ناتوانین قسە لە لەدایکبوونی بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازانەی ژنان بکەین لەویٚ.

پاش ئەم جیاوازییە گرنگانەی کە سیستەمی باوکسالاری لەسەریەوە توانای خۆبەرهەمهێنانەوەی هەیە و پەلامارەکانی خۆی لەژێر پەردەی دەیەها دەمامکی جۆراوجۆردا دەشارێتەوە و قوربانی دەگرێت, ئاسانتر دەتوانین لە لاوازی ئەو

خوێندنەوەیە تێبگەین کە کوشتنی ژن لەژێر ئالاکانی شەرەفدا دەکاتەوە بەکوشتنێکی ئاسایی و شیعاری "کوشتن هەر کوشتنە" لەبەرانبەر تاوانەکانی شەرەفدا بەرزدەکاتەوە. نەبیننینی ئەو کەش و هەوا کولتورییەی کە سیستەمی باوکسالاری کۆن سەرجەمی کۆمەڵگای پێ ژەهراوی دەکات و نکۆڵی کردن لێی و پەردەپۆشکردنی رەهەندە کولتورییەکەی ئەم تاوانە بە ناوی "کوشتن هەر کوشتنە"وە, لە دوائە نجامدا بە هیچ ناگات جگە لە ئاوکردن بە ئاشی کۆنە پەرستییەکدا کە لەسەر بنەماکانی ڕاسیستێکی ڕوون و ئاشکرا ڕاوەستاوە و دوا پەیامیشی بە درێژە پێدان بە ئاپارتایدیکی جنسی کۆتایی پێدێت. ئاخر کاتێك پیاوێك لە سویددا یان لە ئەڵمانیادا کە سیستەمی باوکسالاری تیایدا لەسەر چەمکی شەرەف نییە وبە پێچەوانەوە لەسەر سێکسوالیتێتی جەستەی ژن کاردەکات وژنەکەی دەکوژێت, بەمە سەربەرزی خۆی بەدەست ناهێنێت و شەرەفێکی لەدەستچوو ناکرێتەوە. بەڵکو ئەو دەکوژێت تاسەرشۆڕی بچنێتەوە و شەرەفی ئینسانی خۆی لەدەست بدات. ئەو ناکوژێت چونکە کۆمەڵگای دەرەوەی ئەو پێی دەڵێت: بکوژە و شەرەف بکڕەرەوە. بەڵکو ئەو دەکوژێت و کۆمەڵگا مۆری شێت بوون و نەخۆشبوونی بەناوچەوانەوە دەنێت. من لە شوێنێکی تری ئەم نوسینەدا ئاماژەیەکم بەوە کرد کە بۆچی میدیای سوید و ئەوروپاش بەگشتی لە کاتی بەشێك لە تاوانەکانی پەنابەراندا بە خواستی خۆیان رەهەندی کولتوری تاوان لەبەرچاودەگرن و یان ئاما نجدارانە نکۆڵی لێدەکەن. ئەوەی لێرەدا پێویستی بە بیرهێنانەوە هەیە بە تایبەت لە کەیسی تاوانی شەرەفدا و نکۆڵیکردن لەو جیهانە کولتورییەی تاوان کە بەدەستهێنانەوەی شەرەفێکی لەدەستچووە, لە دوا ئە نجامدا بە شا نخاڵیکردنەوەیەکی گەورەی دەوڵەت کۆتایی پێدێت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە نەبێتەوە. ئاخر ئەگەر دان بە ڕەهەندی کولتوری ئەم تاوانەدا بنرێت و موتیڤەکانی پشت دووبارەبوونەوەی ئەم پرسیارە قبوڵبکرێت, ئەوە بە مانای سەرفکردنی ئیمکاناتێکی زیاترە بۆ ئەم کێشە تایبەتییەی بەشێکی زۆری خێزانی پەنابەران. بە مانای فەراهامکردنی ماڵی ئامنی زیاتر و کەسانێکی زیاتر کە کارشووناسی ئەم بوارەن و دابینکردنی ئامرازەکانی پاراستنی تایبەتی بۆ ئەو ژنانەی کە لەژێر هەڕەشەی خێزان هەڵهاتوون و کارکردنێکی زیاترە لەگەڵ پرسیارەکانی بەرابەری لە پەیوەند بەم خێزانانەوە. ئەمانە هەمووی پرسیاری ئابوورین و لە کیسەی دەوڵەت دادەتەکێنێ. پەسەندکردنی ڕیوایەتی تاوان هەر تاوانە بە مانای مانەوە لەهەمان چوارچێوەی بودجەی تەرخانکراوی ساڵانەی دەوڵەت بۆ کەمکردنەوەی زەبروزەنگی پیاو بەرانبەر ژنان. "بەرابەری لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا دەبێ پارەی تێبچێت" بەڵێ, پرسیاری بەهرەمەندبوونی ژنانێکی پەنابەر لە چوارچێوەیەکی زیاتری بەرابەری, بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کێشە تایبەتییانەی کە دەستەخوشکەکانی تری خۆیان ڕووبەڕووی فشاری خێزان و چەقۆکانی شەرەف نین, بە مانای سەرفکردنی پارەیەکی تر بۆ پاراستنی ئەوان. ئینسان دەتوانێت خەباتکارێکی جدی دژی راسیزم بێت و سڵ لە وتنی راستییەکانیش نەکاتەوە و بشزانێت لە پشت جووڵانەو تەنانەت خوێندنەوەکانی دەسەڵاتیشەوە, چ ڕاسیزمێکی تر شاراوەیە.

## ناسیۆنالیزم و تاوانی شەرەف

یەکێك لەو ئەکتەرە گرنگانەی کە لە پەیوەند بە تاوانی شەرەفەوە دەبێ جێگایەکی تایبەتی پێبدرێت ناسیۆنالیزمە. فاکتەرێك نەك بە هیچ شێوەیەك تیشکی نەخرایە سەر, بەڵکو وەك ئەکتەرێکی پشتی پەردە گەورەترین ڕۆڵی بینی. ئەم ڕۆڵەی ناسیۆنالیزم لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی چەمکی شەرەفدا لە ئەوروپادا خۆیی دەردەخات و هاوکاتیش لە بە پیرۆزراگرتنی وێنەکانی نەتەوەدا بە دوا پلەکانی خۆی دەگات.

ئەم ڕۆڵە گرنگەی ناسیۆنالیزم چ وەك ئەکتەرێك و هاوکاتیش وەك ئالاهەڵگری وێنە بێگەردەکانی نەتەوە, دوو بابەتی تارادەیەك لەیەك جیان و من هەریەکەیان لە شوێنی خۆیدا باسدەکەم. بەڵام با سەرەتا لەو خاڵەوە دەستپێبکەم کە ڕۆڵی ناسیۆنالیزمە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خیتابی شەرەفدا بە شێوەیەکی تر.

ئەگەر زۆر دوور نەگەڕێینەوە و سەر نجێکی شانۆگەری داخستنی پارتی کاری سەربەخۆی کوردوستان بدەین لەم چەند مانگەی پێشوودا وە بە تایبەت یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئەم حیزبەی پێی دادەخرێت لەلایەن دەسەلاتدارانی حوکومەتی پارتییەوە, ئەوا لە نامەکەی تاریق صدیق رەشیدا بۆ داوەری دادگایی بەرایی هەولێردا ئەم دێڕانە دەبینین: "بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری مانگانەیان هەیە بە ناوی مۆم کە بزاڤی ئافرەتانی کوردستان دەریدەکەن و سەر بە پارتی کاری سەربەخۆیی

کوردستانە و لە ژمارە 3 بڵاوکراوەکەیان دا نووسراوێکیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لە لاپەڕەی 3 لە ژێر ناونیشانی مافی ئافرەت لە چییەوە دەبینن کە ڕاستەوخۆ هێرشی کردۆتە سەر داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانمان لەوانەش دەڵێ( پێویستە ئازادی لە سێکس کردندا هەبێت لە نێوان ئافرەت و پیاودا ) وە لە لاپەڕەی 7 بەهەمان شێوە دەڵێ( ئازادی هەڵبژاردنی شێوازی جل وبەرگ و ئازادی کار و ئازادی سێکسی و شووکردن یان شوونەکردن دەستبەر بکەن. "

لەم دێڕانەی سەرەوەدا کۆمەڵێك ڕاستی گەورە هەن کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی زیاترە بە تایبەت لەو شوێنەدا کە هێڵی بەژێردا کێشراوە لەلایەن منەوە. هێنانەوەی ئەم بەشەی نامەی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ داوەری دادگای بەرایی هەولێر, بە جیا لە هەر گاڵتەجارییەکی دیموکراسی لە پەیوەند بە داخستنی حیزبێکی سیاسییەوە, دەرخەری هەڵوێستێکی ڕاستەقینەی ناسیونالیزمە لە پەیوەند بە مەسەلەکانی ئازادی ژنانەوە. ئێمە لە زۆر ڕووداوی سیاسی تری کوردوستاندا شایەنی چەندبارەبوونەوەی ئەم هەڵوێستەی ناسیۆنالیزم بووین بە تایبەت لە پەیوەند بە کێشەکانی نێوان ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و دەسەڵاتدا.

ئەوەی کە جێگای سەرنجە دەستەواژەی "هێرشکردنە سەر داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ئێمەیە". ئەگەر وشەی نەریتی ئایینیشی لێ دەربهێنین , کە من ئاما نجدارانە نایبنووسمەوە و زیاتر لەم نامەیەدا بۆ ڕاکێشانی دەستی کۆنە پەرستی ئایینی کۆمەڵگای کوردستانە بۆ چوونە پشتی ئەم بانگەوازە لەلایەن ئەوانەوە, ئەوا یەك تۆزقاڵیش لە ناوەڕۆکی ئەم خیتابە ناسیۆنالیستییە کەم ناکاتەوە. هێرش کردنە سەر داب و نەریتی کۆمەڵایەتی هیچ شتێك نییە جگە لە پەیامێك کە هەمیشە دەبێت لەبەرانبەر مافە سەرەتاییەکانی ژنادا بەرزبکرێتەوە. ئەگەر ئەم وشانە کەمێك ووردتر بکەینەوە ئەوا بە مجۆرەی لێدێت. دەستگرتن بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستانەوە یەکێك لە پێشمەرجەکان و شەرتە گرنگەکانی مافی ئافرەتانە. ئەم وشانەش لە دوا ئەنجامی خۆیدا هیچ شتێك نییە جگە لەدرێژەپێدانی ئەو سیستەمی کۆنترۆڵەی دەسەڵاتی باوکسالاری بەسەر جەستەی ژنانەوە بۆ هێشتنەوەی لە ناو چوارچێوەکانی کولتورێکدا کە دەسەڵاتی باوکسالار دایناوە. لە دوا ماناکانی خۆیشیدا جگە لە کۆنترۆڵکردنی سێکسوالیتێتی ژنان هیچ مانایەکی تر نادات بە دەستەوە. بەڵام ئێمە لەبەردەم خیتابێکی ئایینیدا نین وەك هێندەی هێزێکی ناسیونالیستی ئەم وتانەی درکاندووە. بۆچی دەسەڵاتێکی ناسیۆنالیستی سوورە لەسەر هێشتنەوەی ئەم خیتابەدا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە باشترە سەرنجێك لە سیستەمی باوکساری ناو ناسیۆنالیزم بدەین تاکو لایەنە شاراوەکانی "دەستگرتن بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردییەوە" زیاتر خۆیمان نیشان بدات.

کەم دەسەڵاتی باوکسالاری هەیە هێندەی ناسیۆنالیزم لەسەر دووبارە دابەشکردنەوەی ڕۆڵەکانی نێوان نێر و مێ بە ڕاشکاوانە پەیامی خۆی درکاندبێت. بەڵام کەمیش دەسەڵاتی باوکساری هەیە هێندەی ناسیۆنالیزم سەرکەوتوو بوو بێت لە شاردنەوەی ئەم پەیامەی سیستەمی باوکسالاریی خۆیدا. بۆ ئەوەی ئەم خاڵە هاوبەشە ڕۆشنبکرێتەوە" ڕاگەیاندنی ڕاشکاوانەی پەیامی خۆ و هاوکاتیش شاردنەوەی, چەمکی نەتەوە و خودی نیشتیمانیش دەتوانێ کۆمەك کەر بێت. لە تەواوی زمانەکانی دنیادا هەردوو چەمکی نەتەوە و نیشتیمان خاوەنی ڕەگەزێکی فێمینین, واتا مێینەن. کاتێك ناسیۆنالیزم چ نیشتیمان و نەتەوەش بە مێ دەکات, بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تەواوی بەهاکانی سێکسوالیتێتی مێینە لە نیشتیمان و نەتەوەدا بەرجەستەدەکاتەوە. هەر لەسەر ئەم سێکسوالیتێتی نیشتیمان و نەتەوەیشەوە دووبارە بەرپرسیارێتی نێرێتی و مێیێتی ڕۆڵەکانی نەتەوە, چ پیاوان و چ ژنان دووبارە بەرهەمدەهێنرێتەوە. پیاوانی نەتەوە ئەو شێرە کون لەجەرگدا نەبووەن کە بۆ پاراستن و گیان فیداکاری بۆ ئەم دایکە , نیشتیمان, دەبێ هەموو کاتێك لە ئامادەباشدابن لەبەرانبەر پەلاماری سەربازانی نەتەوەی دیدا. ژنانیش ئەو سەربازانەی پشتی جەبهەن کە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی نەتەوە چ لە باری کولتوری و چ لەباری بایۆلۆجییەوە دەبێ ئەرکە نیشتیمانییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. سەربەرزترین ژن لەم جیهانەی ناسیۆنالیزمدا ئەو کەسەیە کە جەنگاوەرانی دلێر و قارەمان پێشکەش بە شەڕەکانی نەتەوە دەکات. بۆیە کردەوەیەکی سەیر نییە کە لەبەرانبەر کوشتنی سەدان هەزار سەربازی عێراقیدا لەبەرەکانی جەنگدا, هێرشی "حملە الانجاب" دەبێتە ئەو ئەرکە نیشتیمانییەی دایکانی عێراق بۆ هاوبەشیکردنیان لەم جەنگەدا. بەڵام هەموو مناڵێك بۆ شەڕەکانی نەتەوە پێویست نین ئەگەر سەربازانێکی ئایندەی گیان لەسەر دەستی نیشتیمان نەبن. بۆیەش پارەی ئەو ژنەی

که کوڕی دەبیٚ دووبەرابەری پارەی ئەو منالەی تر دەبیٚ کە کچە. " بۆ هەموو سەربازێکی صربی کە لەبەرەکانی جەنگدا دەکوژرێت, وا پێویست دەکات کە دایکانی صربی سەد سەربازی تر بەرهەمبهێننەوە." بانگەوازی سەر لەشکری صربەکانی بۆسنیٚ لە هەر شوێنێکی دنیادا جەنگەکانی ناسیونالیزمی لیٚ بوو بێت, دەنگدانەوەی خۆی هەیە. بەلاّم هەموو دایکێکی نەتەوە ناتوانێت سەربازی جەنگاوەر پێشکەش بە نیشتیمان بکات, بەڵکو تەنها:" ئەو دایکانەی کە پاکن و داوێن پاکن".
ئەم ڕستەی دووایان بانگەوازە بەناوبانگەکەی هێتلەرە بۆ کچانی ئەڵمانی. بەکەمێك ووردبوونەوە لەم وشانە بۆمان ڕۆشندەبێتەوە کە ژنانی "داوێن پیس" ناتوانن سەربازانی جەنگاوەر پێشکەش بە نەتەوە بکەن. ئاخر ئەوان هەموو نرخەکانی شەرەفیان لەدەستداوە و "زۆڵیان" پێشکەش بە نەتەوە کردووە. سەیر نییە کە لە زمانی کوردیدا ئێمە ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەم دەستەواژانە نەبینەوە کە :جاشەکان زۆڵە کوردن. ئەوان ئەو کەسانەن کە دایکی خۆیان( نیشتیمانی خۆیان ) بە داگیرکەران فرۆشتووە. هەر بۆیە سەیریش نییە لە ناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەدا کەسێك بدۆزیتەوە کە زۆڵ بێت. هێزی پێشمەرگەی ناسیونالیزم جێگای هەموو ئەو کەسانەیان تیادەبێتەوە کە "هەتیو بازن" و لە پاڵ ئەم شوناسانەشیاندا هێندەی تر شوناسی قارەمانێتی بوونییان دەچێتە سەر. بەلاّم بۆ زۆڵێك یان هەر پیاوێکی تر, کە ڕەنگە بە منالی لاقەی کرابێت هەر لەلایەن ئەو جەنگاوەرانەوەی کە هەتیوباز بوون و دەکریٚ "ئازاترین" جەنگاوەری شەڕ بێت, ناکریٚ و ناشتوانیٚ شەرەفی بەرئەندام بوونیش بەدەست بێنێت.
بەلاّم بانگەوازی داوێن پاك بوونی ژنەکانی نەتەوە هیچ شتێکی تر نییە جگە لە پەیامی ئەم سیستەمە باوکسالارییەی ناو ناسیۆنالیزم بۆ دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی سێکسوالیتێتی ژن. پرۆژەی سەرپەڕاندنی ژنانی لەشفرۆشی قوربانییەکانی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق لە دووساڵی رابردوودا لە شارەکانی بەغدا و بەسرەدا, هیچ شتێکی تر نییە جگە لە وەفاداربوونی ناسیۆنالیزم بە پەیامی "لتعش الماجدات العراقييات"ی ڕژێمی بەعسەوە. بەلاّم بۆ ئەو ژنانەی کە نەیانتوانی ناونیشانی "الماجدات" ی نەتەوە بپارێزن و لەشی خۆیان فرۆشت, بەمە توانایيەکانی دایکایەتی خۆیان بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کوڕە بەشەرەفەکانی نەتەوە لەدەستدا.
بەلاّم ئەم ئەرکە نیشتیمانییە پیرۆزەی کە ناسیونالیزم بە ژنانی نەتەوەی دەسپێرێت, هاوکات دەبێتە تەوقێکی ئاسنین و لە گەردنی ژنانی نەتەوەی دی دەئاڵێنرێت. ئەم تەوقە ئاسنینەی ژن کە دەکرێتە ئەو ماکینەیەی کە دەبێت سەربازانی دیکە بۆ نەتەوە فەراهام بکات و ببێتە هەڵگری درێژەپێدانی پەیامی کولتوری نەتەوە, لە کاتی جەنگەکاندا بە ئاسانی دەردەکەوێت. پرۆژەی لاقەکردنی ژنانی نەتەوەی دوژمن ناکرێت وەك غەریزەیەکی دڕندانەی سەربازانی نەتەوەی ئەمبەر چاوی لێبکرێت, بەڵکو ئەتکردن و پیسکردنی هەموو بەها کولتوریەکانی نەتەوەی ترە. ئەم چەکە کوشندەیە ئەمڕۆ لە زۆر جێگای دنیادا گەورەترین تراژیدیای خوڵقاندووە و قوربانییەکانی ئەو لە بۆسنیٚ و لە ڕوانددادا, بێبەشترین کەسەکانی دوای خامۆشبوونی تەقەی تفەنگەکانن.
ئەوەی لەم پرۆسەی لاقەکردنەدا خاڵی سەرەتایی و بگرە ناوەندی ئەم کردارە سێکسییەیە, ئەو وێنەیەیە کە ناسیۆنالیزم لە نیشتیمان و نەتەوەی دروستکردووە. بە فێمینی کردنەوەی نەتەوە و نیشتیمان لەلایەن ناسیۆنالیزمەوە, تەواوی بەهاکانی شەرەفی ئافرەت لە نیشتیمان و نەتەوەدا کۆدەکاتەوە. کاتێك سەربازێکی صربی لاقەی ژنێکی بۆسنەیی دەکات, ئەو دەیەوێت لە پێش هەموو شتێکەوە لاقەی نیشتیمانی سەربازانی بۆسنەیی بکات. ئەم پرۆسەی لاقەکردنە هێندە بە مانای پیسکردنی پیرۆزترین خاڵە گرنگەکانی سەربازانی ئەو بەرە, هێندە کردارێکی لەزەتبردن لە سێکی ژنان نییە. ئەو بەم کردارە نیشتیمانی سەربازانی بەرانبەر لاقەدەکات, ئەو نیشتیمانەی کەسەربازی ئەوبەر ئامادەیە گیان فیدایی بۆ بکات و ڕۆح لەسەر دەست بێت بۆی. چی لەوە گرانترە بۆ سەربازێکی ناسیۆنالیست کاتێك پێی بڵێی کە نیشتیمانت لەلایەن سەربازانی ئەو بەرەوە لاقەکراوە.
ئێستا لە ناوەڕۆکی ئەو بەیتە شیعریانە دەگەین کە دەڵی: نیشتیمانم ئافرەتێکی ڕووت و قووتە و دوژمنانیش دەست بۆ قیتکەی مەمکی دەبەن. ئێستا لە مەغزای ئەو ناونیشانانە دەگەین کە لەسەر سنگی ڕۆژنانەکانی ئەوروپادا هەڵکۆڵراوە و داگیرکردنی عێراق بۆ کوێت دەکاتە لاقەکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە. ئێستا لە مەغزای وتەکانی ڤرجینا وڵف دەگەین

کە دەڵێ:"وەك ژن من هیچ نیشتیمانێکم نییە. وەك ژن من هیچ نیشتیمانێکم ناوێت. وەك ژن نیشتیمانی من هەموو سەر زەوییە."

کاتێك لە مەغزای پاك بوون و داوێن پاکبوونی ژنەکانی ناسیۆنالیزم گەیشتین, ئەو ژنانەی کە ئەگەر لە وتارێکی حەماسییانەی سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستدا جێگای ستایشکردنێکیان پێ ڕەوا ببینرێت, ئەوا بە ئاسانی گوێت لە وشەی ژنانی بەشەرەفی کوردستان دەبێت. بەشەرەف بوونیش هیچ مانایەکی دیکە ناگەیێنێت جگە لەم بانگەوازەی ناسیۆنالیزم بۆ کۆنترۆڵکردنی سێکسوالیتێتی ئەوان. ڕەنگە هێنانەوەی نمونەیەکی سادە ڕەهەندە شاراوەکانی ئەم خیتابەی ناسیۆنالیزممان بۆ ڕۆشنتر بکاتەوە. شیعاری "یەکپارچەیی خاکی عێراق, ئێران یاخود تورکیا" بۆ هەمووان ئاشکرایە. ئەم شیعارە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی سەرکوتگەری خەڵکی کوردستانەوە بەرزکراوەتەوە, تەنها و تەنها یەك مەبەست لە پشتیەوەیەتی کە ئەویش جیابوونەوەی کوردستان و شکاندنی ئەفسانەیی یەکپارچەییە. بەڵام لە نێوان "یەك پارچەیی خاکی عێراق... " و "دەستگرتن بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردییەوە" خاڵێکی بنەڕەتی هاوبەش هەیە. ئەویش پرۆسەی جیابوونەوەیەکە کە ئیمکانی ڕوودانی هەیە. لە باری یەکەمیاندا خواستی جیابوونەوەی کوردستانە لە دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانی کوردستان. دووەمیشیان خواستی جیابوونەوە و ڕزگارکردنی جەستەی ژنانە لە دەسەڵاتی کۆنترۆڵی باوکسالارێك.

خاڵێکی گرنگ کە دەبێ شایەنی سەرنجدانێکی ووردتر بێت, ئامادەیی چەمکی (دەستگرتن بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردییەوە) لە دەرەوەی کوردستان و لە ئەوروپادایە کە سەد هێندەی تر بارگاوی دەبێت بە خیتابێکی ناسیۆنالیستییەوە لە کۆمەڵگای نوێدا. ئەمجارەیان ڕۆڵەکانی نەتەوە لەبەرانبەر تاقیکردنەوەیەکی گەورەتردان بۆ بەرزڕاگرتنی پەیامی بەشەرەفبوونی ژنەکانی نەتەوە. ئەوەی لەم دۆخە تایبەتییەدا دەبێ سەرنجێکی زیاتری بدرێتێ جەبرەکانی ژیانی پەنابەرێتی و خستنەدەرەوەی پەنابەرە لە کۆمەڵگای نوێدا. "لەدەرەوەیی" لەمرۆکەی ئەوروپادا تەنها بەو گەڕەکە پەنابەر نشینانە ناوترێت کە لە گێتۆکانی سەردەمی دەسەڵاتی نازیستەکانی ئەڵمانیا دەچێت و لەناو جەرگەی شارەکانی ئەوروپادا کۆمەڵگایەکی تری لەناو هەناوی کۆمەڵگادا دروستکردووە. بەڵکو چەمکی "لە دەرەوەیی" ئەم مانا جوگرافییایەی خۆی لەدەست دەدات و سەرتاپای ژیانی پەنابەر دەگرێتەوە. تۆ لەدەرەوەی کۆمەڵگادا نیت هەر لەبەر ئەوەی لە گەڕەکێکی پەنابەر نشینی دابڕاو لە کۆمەڵگادا دەژیت, بەڵکو تۆ لەدەرەوەیت چونکە پێناسەکانی کۆمەڵگای نوێ کە هەمیشە لەسەر دووبارە بەرهەمهێنانەوەی شوناسی "ئێمە" ی سویدی و ئەڵمانی و هولەندیە و تەواوی "ئەوانی دی" دەخاتە دەرەوەی سنوورەکانی کۆمەڵگای نوێوە. سەرڕەشبوون لەمرۆی لە ئەوروپادا مۆرێکە و بەناوچەوانی ملیۆنەها ئینسانەوە هەڵکۆڵراوە. ئەمە تەنها مۆری هەڵکۆڵراوی سەر ناوچەوانی ئەو کەسانە نییە کە لە ڕۆژگارێکدا هاتوونەتە ئەم وڵاتەوە, بەڵکو هەموو ئەو ئەوانەش دەگرێتەوە کە لە دایکێك یان باوکێکی سەر ڕەشن و یاخود لەلایەن دایك و باوکێکی سویدی یان ئەڵمانییەوە هەڵگیراونەتەوە. بەرزڕاگرتنەوەی دیوارەکانی نێوان "ئێمە" ی کۆمەڵگای نوێ و "ئەوان" ی تری کەسەر بەم کۆمەڵگایە نین, پرسیاری شوناس دەکاتە یەکێك لە دەمودەسترین و ئامادەترین پرسیارەکانی پەنابەر. کەم نەبوون ئەوانەی کە لە وڵاتی یەکەمی خۆیاندا سەریان لەبەردەم خوای گەورە و تەبارەك وە تەعالادا دانەئەنواندوو ئەوروپا ڕیشی پێهێشتنەوە و کردنیە فەندەمینتالیست. کەم نەبوون ئەوانەی ڕۆژێك ئاخێکیان بۆ کورد هەڵنەڕێشت و لە ئەوروپاشدا دەست بڵندترین چۆپیکێشەکانی جەژنەکانی نەورۆزی هۆڵەکانی ئەوروپان. لەناو ئەم جەنگی شوناسانەدایە کە ئینسان باشتر لە جەژنگرتنی چوارشەممەسووری ئێرانییەکان تێدەگات کە بە شێوەی کەرنەڤاڵێکی گەورەی ئێرانی لەشەقامەکانی ئەوروپادا دەگیرێت. دیاردەیەك کە لە هەشتاکانی ئەوروپادا بوونی نەبوو. بەڵام لەمرۆدا بەبەرچاوی گەورە مێدیاکانی دنیاوە ڕێزی لێدەگیرێت. فەرهەنگێگ کە خاڵی دەست بۆ بردنی پەیوەندی بە نزیکایەتی ئینسانەکانی کۆمەڵگای ئێرانییەوە نییە بۆ یادکردنەوەی ترادیسیۆنێکی خۆ, بەڵکو هۆکاری سەرەکییەکەی بڵندکردنەوەی شوناسێکی کولتورییە لەبەرانبەر کۆمەڵگایەکدا کە بەبێ شووناس لەقەڵەمیان دەدات. کەم نین ئەوانەی کە لەگەڵ دایك و کەس وکاری خۆیاندا دەکەوتنە شەڕ و جاجمیان بە فەرهەنگی لادێییانە لەقەڵەم دەدا و لە زبری ئەم پارچەچنراوە دەیان ناڵاند, کەچی لەمرۆدا ماڵەکانی خۆیان کردۆتە ژووری فەرشفرۆشەکانی شارەکانی کوردستان. لەناو ئەم پرۆسەی داخستنە کۆمەڵایەتییەی

پەنابەراندایە کە دەستبردنەوە بۆ کولتوری خۆ مانا پەیدادەکات. لەم هەلومەرجەدایە کە دەستگرتن بە کولتوری خۆییەوە دەبێتە پەیامی خێزانی کورد و تورك و زۆرێك لە گرووپە ئیتنییەکانی تری ئەمڕۆی ئەوروپا. ئەگەر دەستگرتن بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کوردییەوە لە کوردستاندا پێویستی بە دووبارە وتنەوەوەیەکی هەمە ڕۆژە نەبێت بەوەی کە ئەلتەرنەتیڤی ئەم دەستپێوەنەگرتنە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی لەدەرەوە ئامادەیی نییە, ئەوا لە ئەوروپادا دەبێت وەك ئاڵایەکی هەمیشە هەڵکراو لەبەرچاوی کچ و ژنانی پەنابەراندا بەرزڕاگیرێت. چونکە لەدەرەوەی ئەم کەش و هەوا کولتورییەدا شێوە ژیانێکی تر هەیە کە سێکسوالیتێتی ئافرەت ناکاتە موڵکی باوك و برا و ئەندامانی تری خێزان و ئیمکانی ئەم یاخیبوونەی ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافی جەستەی خۆ گەورەتر دەبێت. لێرەوە ئیتر ناسیۆنالیزم بۆ هێشتنەوە و دەستگرتن بە داوێنی داب و نەریتی کولتورییەوە, وێنەی پاکێتی و سەربەزی نەتەوە تێکەڵ بەم هاوکێشەیە دەکات. ئاخر ژنانی فارس کاتێك دەبنەوە بە خاوەنی جەستەی خۆ, شەرەفی نەتەوەیان پیسکردووە و لەسەر کچان و ژنانی کورد پێویستە هاوبەشی ئەم پرۆسەی پیسکردنی شەرەفی نەتەوە نەبن.

### وێنەی کورد و نەفیکردنی تاوانی شەرەف

یەکێك لە بناغەیترین بەرژەوەندییەکانی بۆرجوازی لە دەستپێوەگرتن بە تیۆری ناسیۆنالیزمەوە, ئەو توانا سیحرییە گەورەیەی ناسیۆنالیزمە بۆ پەردەپۆشکردنی جیاوازی و بەرژەوەندییە جیاوازەکانی کۆمەڵگا. لەم دیدەدا دەموچاوی هەموو ئەندامەکانی نەتەوە لەیەکدەچن. بۆ ڕزگار بوونیش لە تەواوی مەینەتییەکانی کۆمەڵگا, نەتەوە و ڕزگاربوونی ئەو دەگۆڕدرێتەوە بە و گۆچانە سیحرییەی کە توانای چارەسەرکردنی هەموو دەردەکانی پێدەکرێت. ژنان ناتوانن خاوەنی مافێکی زیاتر بن ئەگەر نەتەوە ڕزگاری نەبووبێ. کرێکاران ناتوانن داوای کرێیەکی زیاتر بکەن ئەگەر دەولەتی نەتەوەیی نەبێت. لەم دەستگایەدا جەللاد و قوربانی لەسەر سفرەیەکی هاوبەش کۆدەبنەوە کە سفرەی نەتەوەیە.
بۆیەش لەبەرانبەر کوشتنی فاتمەدا کوڕەکانی نەتەوە بۆ ڕزگارکردنی وێنە بێگەردەکانی ئەو بەدەنگی بەرز هاواریان کرد کە تاوانی شەرەف لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بوونی نییە. ئەوانەی پێیان وابوو خەباتێکی ناسیۆنالیستانەیان ئەنجامدا, نەك نەیانتوانی سەربازانێکی بەوەفای داکۆکیکەر لە وێنەکانی نەتەوە بن, بەڵکو ڕێك و ڕەوان بوون بەتەڵەی ئەو دیدەوە کە کوشتنی فاتمە لە شوێن پێی میللی باوکیدا دەبینێتەوە" ئەو خوێندنەوەیەی کە مێدیاکان بە شوێنیەوە بوون. ئاخر نەفیکردنی تاوانی شەرەف لە کۆمەڵگای کوردیدا لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کە شوێن پێی ئیتنی تاوانبارە , واتا لە کوردبوونی باوکی فاتیمەوە. لە کاتێکدا تاوانی شەرەف دیاردەیەکی کوردی نییە و جیهانبینییەکی گەورەی باوکسالارانەی لە پشتەوەیە کە ئەگەر هەمان دید بە هەمان چوارچێوەی فیکرییەوە لە ئەڵمانیاشدا دەربکەوێت, توانای دروستکردنی تاوانباری شەرەفی هەیە. بەڵام نەهیکردن لە بوونی چەمکی شەرەف بەو مانا باوکسالارییەی کە تاوانی شەرەف بەرهەمدەهێنێتەوە, نەك کۆمەك بە فاتمەکانی تری ئەوروپا ناکات, بەڵکو تفێکی گەورەش لە ڕووی ئەو بزووتنەوەیە دەکات کە خوازیارە "ڕەشەکوژی" ژنان لە کوردستاندا کۆتایی پێبهێنرێت کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا و لە ڕێگەی قانوونەکانی دەسەڵاتەوە دەپارێزرێت.
بەڵام وێنەی کورد بۆ دەبێ هەمیش بەرزڕابگیرێت؟ ئایا ئەوانەی کە بڕیاردەری جەنگی ناوخۆن و ئەوانەیشی قوربانی ئەو جەنگەن وەکو یەك وان؟ پەسەندکردنی چەمکی بەرزڕاگرتنی وێنەی کورد نەك کۆمەك بە میللەتێك ناکات کە ئاشقی ئازادییە, بەڵکو بە شێوازێکی تر دەبێتە هۆکارێك بۆ دوورخستنەوەی ئینسانی کورد لە خەونەکانیدا بە ئازادییەوە.
هەر ئەمڕۆکە بوونی هەزاران لە خەڵکی کورد لەدەرەوە هێزێکی گەورەی سیاسییە بۆ فشارهێنان بۆ سەر دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانی کوردستان و دەستکۆتاکردنی ئەم دەسەڵاتانە بۆ هەر کردەوەیەکی سیاسی بۆ سەر ئەوان. بەڵام هاوکاتیش دەکرێ هەر ئەم هێزە بەرینەی دەرەوەی فاکتەرێکی گەورەی فشار بێت بۆ سەر دەسەڵاتداریێتی خودی کورد کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایدا هۆکاری سەرەکی بێحورمەتی کردن بە خەڵکی کوردستان بووە. ئەگەر دەسەڵاتداریێتی ئەمڕۆی کورد بە هەموو شێوازێك لە شێواندنی وێنەی خۆی دەترسێت لەدەرەوە, هەر بەو هۆیەشەوە دەکرێ فشار هێنان بۆ سەر ئەم دەسەڵاتە بۆ ڕوونەدانەوەی شەڕی ناوخۆ هۆکارێکی کاریگەر بێت. دیفاعکردن لە تێزی پاك ڕاگرتنی وێنەی کورد لەدەرەوە, یەکەمین

زەبری کوشندەیە لەو ڕێکخراوانەی کە بە تەنگ پارێزگاری کردن لە مافەکانی ئینسانەوەن لەکوردستاندا. کاتێك تێکنەچوونی وێنەی کورد بوو بە چاوپۆشیکردن لەو جومگە کوژەرانەی کە لە کولتوری کوردیدا ئامادەیی هەیە, بووە هۆی بەرهەمهێنانەوەی پانتاییەکی گەورەیی بێدەنگی لەبەرانبەر بە دەستدرێژییەکانی دەسەلاتداریێتی کورد خۆیدا بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییە سیاسییەکان, مافی ئافرەتان, ئازادی ڕادەربڕین, ئیتر "تێکنەچوونی وێنەی کورد" لەوە دەکەوێت فاکتەرێکی رادیکاڵ بێت. بەڵکو دەبێتە فاکتەرێکی کۆنسەرڤەتیڤ و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە فراوانکردنەوەی سیستەمی سەرکوتدا.

## دووا وتە

نێوانی ژووری زیندانی ئەو کەسەی کە بڕیاری ئیعدامکردنی بەسەردا دراوە و ژووری جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەی ئیعدامکردنە تەنها بیست مەترێکە. ئەگەر زیندانەکانی تەکساسی ئەمریکی شوێنی ئەم نمایشی مەرگە بێت. ئەو کەسەی بڕیارە ئیعدام بکرێت, دوو پۆلیس ئەملاولای دەگرن و پێکەوە بەرە و ژووری ئیعدامکردن ڕێدەکەون. پۆلیسێکیان بەدەنگی بەرز هاوار دەکات تا پۆلیسی ژووری ئیعدام ئامادەبێت. ئەو بە دەنگی بەرز دەڵێ:" پیاوە مردووەکە بەڕێوەیە" ئەم دەستەواژەیە لە هەرکاتێکدا ئیعدامکردن ڕوودات, لەلایەن پۆلیسی زیندانەوە دەوترێتەوە. هەر ئەم نمایشەش یەکێك لە بەهێزترین دیمەنەکانی فیلمی "پیاوە مردووەکە بەڕێوەیە" ی "سوزان ساراندۆنە" کە خەلاتی ئۆسکاری پیّ وەرگرت و پرسیاری ئیعدامی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە کۆنگرێسی ئەمریکدا بەرز ڕاگرت. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجدانە لە پەیوەند بە باسی منەوە لەم وتارەدا, ئەو نزیکایەتییە گەورەیە لە نێوان قوربانی تاوانی شەرەف و زیندانییەکی بڕیاری مەرگ بەسەردا دراوی زیندانێکی ئەمریکادایە. "پیاوە مردووەکە بەڕێوەیە" ئاماژە بە زیندانییەك دەکات کە ساتە وەختێکە بڕیاری مەرگی بەسەردا دراوە. ڕۆژی ئیعدامکردنەکەیشی تەنها نمایشێکی زیندووی ئەم پرۆسەی کوشتنەیە. کەسی فەرمانی مەرگ بەسەردا دراو, لەو ڕۆژەوەی هەواڵی مەرگی بەسەردا دراوە مردووە. ئەو لە ڕۆژی ئیعدامکردنیدا, تەنها ئەو مردووەیە کە دەکەوێتە ڕیّ بۆ ئەوەی دوا نمایشی ئەم مەرگە ی خۆی ڕاگەیێنێت . ئەگەر ئەم دەستەواژەیە هەڵبگێڕینەوە و قوربانی فەرمانی مەرگ بەسەردا دراوی ئەم نمایشە بکەینە ژنێك, ئەو کاتە دەبێتە :" ژنە مردووەکە بەڕێوەیە"

ئەو ڕۆژەی ژنێك بە تاوانی شەرەفەوە دەکوژرێت, تەنها دوا نمایشی ئەم پرۆسەی مەرگەیە. ئەو, ئەو مردووە زیندووەیە کە لە ڕۆژی چاوکردنەوەیەوە و ناسینی سنوورەکانی دەوروبەری خۆیەوە, لەگەڵ بڕیاری مەرگدا دەژی. "شەرەفی ئێمە بە تۆیە. ئەگەر هەنگاوێکت لەوی دیکە درێژ تر بێت, لێتدەکەوێت. ئەگەر کەوتیش, خۆت دەزانیت چی چاوەڕوانت دەکات" ئەم وشانەی کوڕێکی پەنابەر لە دەرەوە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەیە. ئەمە ئەو وشانەن کە هەموو کیژۆلەیەکی منالٚ لە تەمەنێکی کەمەوە دەیبیسێت. لەم تەمەنەدا قسە لەسەر کردەوەیەکی سێکسی نییە, هێندە نەبیّ کە بە زمانی ئامۆژگارییەکی دایکانە بۆ کیژۆلان هەڵدەڕێژرێت. کچەکەم بازی گەورە نەدەیت , نەکەی سواری پاسکیل بیت.

لە کۆمەڵگای کوردیدا کچان و ژنان لەگەڵ هەڕەشەی مەرگدا گەورە دەبن و دەست و پە نجە نەرمدەکەن. ئەوان دەزانن کە بڕیاری مەرگ دەمێکە بەسەریاندا دراوە. ئەوان ئەو مردووە بەسەر زیندووانەن کە ڕۆژانە بەبەرچاوماندا دەگەڕێن. ڕۆژی کوشتنیان, کۆتایی مەرگیان نییە, بەڵکو کۆتایی گەڕانی مردوویەکە کە چیدی توانای گەڕانی نامێنێت. فاتمە ئەو ڕۆژە نەکوژرا باوکی فیشەکەکانی نا بەسەریەوە, فاتمە دەمێکە کوژراوە و بە مردوویی بەبەرچاوماندا دەگەڕیّ. ئەو لە ڕۆژی پێوەنانی فیشەکەکاندا ئیتر وەك مردوویەك دووا نمایشەکانی گەڕانی ئەم مردووە زیندوەی پیّ ڕاگەیاندین.

من لەم نووسینەدا کەمتر خۆم لەقەرەی ڕۆڵی ئایین دا لە کاریگەرییەکانی بۆ بەرهەمهێنانەوەی چەمکی شەرەفدا. ئەویش لەبەر ئەو ڕاستییە سادەیەی کە بەستنەوەی شەرەفی خێزان و خێڵ بە سێکسوالیتێتی ژنانەوە مێژوویەکی درێژتری لە مێژووی ئاینەکان هەیە. دەسەلاتی باووکسالاری ناو ئایین کە بیّ پەردە قسەی خۆی کردووە لە پەیوەند بە ئافرەتاندا, بە پیرۆزی دەقە ئاسمانییەکان, ئەم نمایشەی شەرەف لە خەرمانەیەکی پیرۆزەوە دەئالێنێت.